

# ئایا تۆ خراویتە کەرەنتینەوە؟
# تۆ دەکرێ بۆ دەرماڵەیەکی نەخۆشی گوازراوە شیاو بی.

تۆ دەکرێ شایان بی بۆ دەرماڵەیەکی نەخۆشی گوازراوە ئەگەر بەفەرمی داوات لێکراوە بچیە کەرەنتینەوە و ناتوانی کار بکەی.
لەگەڵ ئەوەشدا، سیستمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی فینلەندی دەبێت تۆ بگرێتەوە.

کەرەنتینەی فەرمی واتە ئەو بڕیارەی کە بۆ کەرەنتینە کردنی تۆ دراوە لەلایەن پزیشکێکی بەرپرس بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیە گوازراوەکان بووە. تۆ دەکرێ بخرێیە کەرەنتینەوە تەنانەت ئەگەر هیچی نیشانەیەکیشت پێوە دیار نەبێ. کەرەنتینە کردنی خودی دەکرێ پێشنیار بکرێت بۆ نمونە ئەگەر تۆ بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا پشکنراوی و چاوەڕێی ئەنجامەکان دەکەیت. دەرماڵەی نەخۆشی گوازراوە لەکاتی کەرەنتینەکردنی خودیدا بەردەست نییە. لەکاتێکدا لە کەرەنتینە یان کەرەنتینەی خودیدایت، خۆت بەدوور بگرە لە هەموو پەیوەندییەکی دەرەوەی ماڵەوە.

دەرماڵەی نەخۆشی گوازراوە یەکسانە بەو مووچەیەی کە پێت دەدرا ئەگەر توانیبات ئیش بکەی. ئەگەر تۆ بۆخۆت ئیش دەکەی، دەرماڵەکەت لەسەر بنەمای بیمەی YEL (کەسانی خاوەنی ئیشی خۆ) ی یان MYEL (جووتیاران) ی تۆ هەژمار دەکرێت. بڕەکە بۆ هەر ڕۆژێک هەژمار دەکرێت بە دابەشکردنی بەسەر ٣٠٠ی داهاتی ساڵانەی تۆ بەپێی پلانی YEL یان MYEL هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرماڵەکەوە.

| بارودۆخی تۆ | دۆخی کەرەنتینە | شیاو بۆ دەرماڵەی نەخۆشی گوازراوە؟ | چۆنیەتی پێشکەش کردنی داواکاری | ئەو بەڵگەنامانەی کە لەگەڵ داواکاریەکە دادەنرێن |
|---|---|---|---|---|
| من بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا پشکنیم بۆ کراوە و چاوەڕێی ئەنجامەکانم | کەرەنتینەکردنی خودی | نەخێر | | |
| ئەنجامی پشکنینەکەم بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا بە پۆزەتیڤ گەڕایەوە | کەرەنتینەی فەرمی | بەڵێ | فۆرمی SV 8e یان kela.fi/asiointi | فرمانی کەرەنتینە |
| من نیشانەی وەک سەرمام هەیە | کەرەنتینەکردنی خودی | نەخێر | | |
| من بەرکەوتەی ڤایرۆسی کۆرۆنام | کەرەنتینەی فەرمی | بەڵێ، ئەگەر ناتوانی ئیش بکەی | فۆرمی SV 8e یان kela.fi/asiointi | فرمانی کەرەنتینە |
| من لە کەرەنتینەدام لەدوای گەشتێکی دەرەوە | کەرەنتینەکردنی خودی | نەخێر | | |
| خاوەنکارەکەم پێی گووتوم کە لە کارەکەم دوور کەومەوە | نەخێر* | نەخێر | | |
| هاوسەر/هاوبەشەکەم خراوەتە کەرەنتینەوە | نەخێر | نەخێر | | |
| منداڵەکەم لەخوار ١٦ ساڵە و خراوەتە کەرەنتینەی فەرمییەوە | نەخێر** | بەڵێ، ئەگەر ناتوانی ئیش بکەی | فۆرمی SV 8e یان kela.fi/asiointi | فرمانی کەرەنتینە |
| من لە ماڵەوە دەمێنمەوە بۆ چاودێری کردنی منداڵەکەم کە قوتابخانە یان چاودێری ڕۆژانەی داخراوە | نەخێر | نەخێر | | |
| من خراومەتە کەرەنتینەی فەرمییەوە، بەڵام دەتوانم لەدوورەوە کار بکەم | کەرەنتینەی فەرمی | نەخێر | | |
| من خوێندکارم یان کارم نییە، و خراومەتە کەرەنتینەی فەرمییەوە | کەرەنتینەی فەرمی | نەخێر / بەڵێ*** | فۆرمی SV 8e یان kela.fi/asiointi | فرمانی کەرەنتینە |
| من بۆخۆم ئیش دەکەم، و خراومەتە کەرەنتینەی فەرمییەوە | کەرەنتینەی فەرمی | بەڵێ | فۆرمی SV 8e یان kela.fi/asiointi | فرمانی کەرەنتینە |

*ڕاسپاردە یان فرمانی خاوەنکار بۆ مانەوە لە ماڵ
**منداڵ خراوەتە کەرەنتینەی فەرمییەوە
***ئەگەر بەشێوەی نیودەوام کار دەکەی و دووچاری لەدەستدانی دەستکەوت بوویت

زانیاری زیاتر:
kela.fi

Kela